# ئاڵای کەریم قاسمیش ئاڵای داگیرکەر و کورد کوژییە!

**شاخەوان شۆڕش**
2005.6.5



دوای چوارمانگ دواکەوتن, پەرلەمانی نوێی کوردستان کۆبووەوە, ئەویش تەنها دوای ئەوەی هەردووی سەرۆکی یەکێتی و پارتی لەنێوان خۆیاندا ڕێکەوتن و پەرلەمانتارانی خۆیان بۆ ئامادەبوون و کۆبوونەوە ڕاسپارد. ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان, سیماکەی و ڕووداوەکانی ناوی گەلێ تێبینی هەڵدەگرن, بەڵام من لێرەدا بەکورتی خۆم بەکێشەی ئاڵا و ئاڵا سەیرەکەی ئێراق  خەریک دەکەم.
لە ژووری پەرلەماندا کۆمەڵێ ئاڵای کوردستان هەڵدرابوون و دانەیەکیش لە ئاڵایەکی نامۆ هەڵواسرابوو, ئەو ئاڵایە ئاڵای ئێراقی سەردەمی عەبدولکەریم بوو.

وەکو دیارە هەردوو سەرۆکی یەکێتی و پارتی هەڵوێستی جیایان سەبارەت بە ئاڵای ئێراق هەیە و هەریەکەیان بەشێوەیەک پەسندیانە.
جەلال تاڵەبانی سەرۆکی ئێستای کۆماری ئێراق و سکرتێری ی.ن.ک. ئاڵای بەعس و سەدام لەکوردستاندا هەڵدەدات و ئامادەیە بچێتەژێر ئەو ئاڵایە و ببێتە سەرۆک کۆماری ئێراقی عارەبی. گوایە ئەو یاساییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاڵاکە دەکات و ئاڵای ئێستای ئێراق ئەوەیە و ئەوانیش خۆیان بەبەشێک لەئێراق دەزانن, بۆیە یاساییانە دەبێ ئەو ئاڵایە هەڵبدرێت. ئەوە لەلایەک بەرزکردنەوەی تێگەیشتنێکی یاساییە بەسەر هەڵوێستدا, لەلایەکی دیکە دەرخستنی دڵسۆزی زیادەڕۆی خۆیەتی بۆ ئێراق و ڕێزگرتنی سیمبۆلەکانیەتی, ئەگەر سیمبۆلەکە سیمبۆلی گەلکوژی ئەنفال و کوردیش بێت.
دەکرێ لەڕوانگەیەکی ئێراقچیانەوە بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونە بهێندرێتەوە, چونکە کە ئەوان خۆیان بەئێراقی بزانن و دەیانەوێ بەشداری لە بەیەکەوەنانەوەی ئەو ستاتەدا بکەن, کەواتە دەبێ سیمبۆلەکانی ئەو ستاتە پەسند بکەن. واتە بۆنمونە دەبێ ئەو ئاڵایەی بەعس پەسند بکەن, تاکو ئاڵایەکی دیکە دروست دەکرێت. ئەوەش دونیاخرابوون نییە و دەکرێ ئاڵاکەش لەداهاتوودا بگۆڕدرێت.
ئێمە ئەگەر کێشەی کورد بە کێشەی نەتەوەیەکی وڵات داگیرکراو دابنێین, ئەوا ئەو تێڕوانینەی سەرەوە کێشەی زۆری هەیە و ناکۆکە لەگەڵ ناوکی کێشەی کورد. ئەوە جگەلەوەی دەکرا ئەو ئاڵایە ڕەتکرێتەوە و لەکوردستان بەرزنەکرێتەوە, ئەگەرچی ئەوان خۆشیان بە ئێراقی دادەنێن. بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی عارەبە بەعسیەکاندا و لەژێر ئەو ئاڵایەدا هەوڵی گەلکوژکردنی کورد دراوە. بەکورتی ئەو هەڵوێستەی تاڵەبانی و پارتەکەی لەڕوانگەی پۆلیتیکی ئێرقچیەتی خۆشیانەوە ڕەخنەی زۆر هەڵدەگرێت.
مەسعود بارزانی سەرۆکی پ.د.ک. هەڵوێستی بەرامبەر بە ئاڵای بەعس و سەدام وەرگرتووە و ئامادە نییە لەکوردستان هەڵی بدات. ئەو هەڵوێستەی مەسعود بارزانی زۆرجاران وەکو بەڵگەی کوردستانی بوونی ئەو لەلایەن پارتی و هەوادارانیان بەخەڵک پیشان دەدرێت. من پێموایە بەرزنەکردنەوەی ئاڵای بەعس و سەدام کارێکی باش و لەجێیە, بەڵام لەمبارەیەوە چەند تێبینیەک هەن کە بەئاگایانە بەلاوەدەنرێن و دادەپۆشرێن. ئەوانیش یەکەم: مەسعود بارزانی و بەڕێوەبەرایەتیەکەی هەولێر, تا ئەو کاتەی بەعس لەسەرکار بوو ئەو ئاڵایەیان بەرزکردەوە. ئەوان زۆر جۆری پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ بەعسدا هەبوو و خۆیان لەبەکارهێنانی زۆر چەمکی وەکو داگیرکەر یا بەعسیە فاشیستەکان لەکات و سەردەمی جیاوازدا دەپاراست. ئەگەر ئەوان هێندە کوردستانی بوون, لەبەرچی ئەو ئاڵایە ئەوسا تووڕنەدرا؟ ئەگەر بهاتبایە

بارزانی ئەوسا و لەسەردەمی بەعسدا ئەو هەڵوێستەی وەربگرتبایە, ئەوا بێگومان ئاماژەی بە ئازایەتی و بوونی هەڵوێستێکی باشی ئەو دەکرد. بەڵام کە بەعس نەما و خاکیان لەتورەگەکرا, دابەزاندنی ئەو ئاڵایە هیچ ئازایەتیەکی ئەوتۆی تێدا نییە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کارێکی باشە ئەگەرچی دەرەنگیش کرا.
دووەم: مەسعود بارزانی و پارتەکەی ئەو, دژی ئاڵای بەعس و سەدامن بەڵام دژی ئاڵایەکی دیکەی بۆنمونە ئەوەی قاسم نین و ئامادەن لەکوردستاندا هەڵی بدەن. ئەوەش واتای ئەوەیە ئەوان دژی ئێراقی بوونی خۆیان نین و لاریان لەوە نییە کوردستان بکرێتەوە بەشێک لە ئێراق, دیارە هاوکاری زۆریشیان لەمبارەیەوە کردووە. ئەوان شێلگیرانە پشتگیری لەدروستکردنی ئاڵایەکی دیکەی ئێراقی دەکەن و ئامادەن بەرزی بکەنەوە. بۆیە ئەو هەڵوێستەی بارزانی و پ.د.ک. هەڵوێستێکە تەبایە لەگەڵ پۆلیتیکی ئێراقچیانەی خۆیان و شتێکی سەیر نییە. بەمجۆرە ئەو هەڵوێستە کوردستانیانە نییە.
ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا و سەبارەت بە هەڵوێستی سەرکردەکانی ی.ن.ک. و پ.د.ک. تێبینی دەکرێت, ئەوا هەڵوێستی ئەوان بە بەرژەوەندی و پۆلیتکیان لەسەردەم و کاتی جیادا پەیوەستدارە و لەگۆڕاندا بووە.
سەبارەت بەئاڵاکەی قاسم, دیارە تێبینی زۆرن, یەکێکیان ئەوەیە, کاتێ عەبدولکەریم بەهاوکاری و پشتگیری کورد دەسەڵاتی گرتەدەست, دەستی بە درۆی برایەتی عارەب و کورد کرد, بانگاشەی هاوبەشی هەردوونەتەوەی عارەب و کوردی لە ئێراقدا کرد و ئەو ئاڵایەی پێکەوەنا. قاسم هەرئەوەندە وەستا هەتا خۆی گرت و هێزی پەیداکرد. کە خۆی گرت لەبەڵێنەکانی پەشیمان بۆوە و یەکەم کار و ئەرکی لەپێشی هەوڵی ژێردەستەکردنی کورد بوو و بێبەزەییانە کەوتە گیانی خەڵکی کوردستان. تێبینیەکی دیکە, ئەدی گوایە هەڵسانی چەکداری ئەیلول لەبەرچی بوو! ئەوانەی شانازی بە "شۆڕشی ئەیلول" دەکەن, چۆن دەبێ ئەو ئاڵایە بەرزکەنەوە کە ئەوسا ئاڵای درۆ, پاشگەزبوونەوە و کوردکوژی بوو. ئەوە چەندی بەچەندە!

ئاشکرایە بارزانی و تاڵەبانی جارجارە لە ئاوازی جیاواز دەخوێنن, بەڵام هەردووکیان بەکردەوە پەیڕەوی یەک پۆلیتیکی ئێراقچیانە دەکەن, بەبەڵگەی ئەوەی ئەوان وەکویەک و بەکردەوە یاساکاتیەکەیان مۆر کردووە و پشتگیریان لە هەنگاو و بڕیارەکانی دیکەی دروستکردنەوەی ئێراق کردووە و دەکەن. هەڵوێستی هیچ کامیان کوردستانیانە نییە, ئەگەر ئاماژە بە سەربەخۆیی کوردستان نەکرێت. چونکە کوردستانی بوون واتە خەبات بۆ دروستکردنی ستاتی سەربەخۆی کوردستان, واتە دروستکردنی کەسایەتی ئازاد و سەربەخۆ بۆ مرۆڤەکانی کوردستان. واتە ڕەتکردنەوەی سەرداری ئێراق. ئەوەش بچوکترین تارمایی بوونی سەرداری عارەب لە باشوری کوردستاندا ڕەتدەکاتەوە.

ئەوان هەر ئاڵایەکی هەر سەردەمێکی ئێراق بەرزکەنەوە, ئەو ئاڵایە ئاڵای داگیرکاری و چەوساندنەوەی باشوری کوردستانە, چونکە باشور بەزۆر و داگیرکاری بە ئێراقەوە لکێنرا, هەروەها بەدرێژایی تەمەنی ئێراق و لەژێر سایەی هەموو فەرمانڕەواکانی بەغدادا پەیڕەی پۆلیتیکی لەناوبردنی کورد کرا.
هەر ئاڵایەکیش ئەوان لەگەڵ برا عارەبەکانیان دروستی بکەن, ئاڵای سەرداری ئێراقە بەسەر کوردستانەوە و سیمبۆلی درێژەدانی لکاندنی باشوورە بە ئێراق, دیارە ئەمجارەیان بە پەسندمەندی دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان.